# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٥٥)ساڵی بیستەم ٩/ ئەیلول /٢٠٢٠/ زاینیی ١٨/ گەلاوێژ / ٢٧٢٠ / کوردی ٢١/ موحەرەم / ١٤٤٢ کۆچی

255

لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٢٠** ل١
یاسای ڕێگریکردن لە بەقاچاخ بردنی نەوت و گاز و لێدەرهێنراوەکانیان
لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی کوردستان** ل٥
تایبەت بە پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و بڕیار

**بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی کوردستان** ل٦
درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لەخولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل٧
ڕێنمایی پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل١٠
تایبەت بە ڕێکخستنی کۆگاکردنی خۆراك و کەل وپەڵ

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل١٣
تایبەت بە ڕێکخستنی ئارایشگاکان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی** ل١٥
هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩ی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی** ل١٧
ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/ماستەر

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی** ل٢٠
ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/ دکتۆرا

**ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل٢٤
تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی لێخۆشبوونی قەرز بە ڕێژەی (١٥%)

**بەیانی ژمارە (١٥-١٦-١٧-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی تەندروستی** ل٢٥

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)
http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٥٥) السنة العشرون ٩/ ايلول / ٢٠٢٠ ميلادي ١٨/ گەلاويژ / ٢٧٢٠/كوردي ٢١/ محرم /١٤٤٢ هجري

**255**

## في هذا العدد:

**قانون رقم (٣)لسنة ٢٠٢٠** ص ٢٧
قانون مكافحة تهريب النفط والغاز ومشتقاتهما في إقليم كوردستان ـ العراق

**قرار رقم (٥)لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان — العراق** ص ٣١
خاص بتقديم مقترحات القوانين والقرارات.

**قرار رقم (٧)لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان — العراق** ص ٣٢
تمديد الدورة الربيعية للسنة الثانية للدورة الانتخابية الخامسة لبرلمان كوردستان

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم(١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التجارة والصناعة** ص ٧

**تعليمات رقم(١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التجارة والصناعة** ص ١٠

**تعليمات رقم(١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التجارة والصناعة** ص ١٣

**تعليمات رقم(١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ١٥

**تعليمات رقم(٢)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ١٧

**تعليمات رقم(٣)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ٢٠

**تعليمات رقم(١٨)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ٢٤

**بيان رقم (١٥-١٦-١٧-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الصحة** ص ٢٥

No. 255 Date: September ,9 , 2020 Vol.: 20

چاپخانەی شەهاب هەولێر

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ (٢٢٥٥٠١٥-٢٢٤٥٥-٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥-٨)

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٤ ئەم یاسایەی پەسەند کرد:

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**یاسای ڕێگریکردن لە بەقاچاخ بردنی نەوت و گاز و لێدەرهێنراوەکانیان**

**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):-**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم/ هەرێم:-** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم/ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:-** وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم.

**سێیەم/ وەزارەتی دارایی و ئابووری:-** وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم.

**چوارەم/ هۆیەکانی گواستنەوە:-** هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی ووشکانی و ئاوی و ئاسمانی دەگرێتەوە، کە بۆ گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێنراوەکان یان مرۆڤ و کەلوپەلەکانیان یان بۆ هەردووکیان بەکاردەهێنرێن.

**پێنجەم/ نەوت:-** هەر هێدرۆکاربۆناتێکی سروشتی یان هەر هیدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاوی سروشتی چ لە دۆخی گازی یان شلی بێت، و ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکان .

**شەشەم/ لێدەرهێنراوەکانی نەوت:-** هەموو لێدەرهێنراوێك وەك بەنزینی ئۆتۆمبێل (گازۆلین)، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، گازی شل، نەوتی سپی (کیرۆسین)، قیر، نەوتی ڕەش، نەفتا، و هەر بەرهەمێکی پیترۆ کیمیای کە لە نەوت یان گاز دروست بوو بێت، دەگرێتەوە.

**حەوتەم/ مۆڵەت:-** ئەو ڕێگەپێدانە فەرمییەیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەدرێت بە کەسێك کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێنراوە نەوتییەکان بکات.

**ماددەی (٢):-**

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوان هەژماردەکرێن:

**یەکەم:-** بەقاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی:-

١- فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بە ڕێگەی نایاسایی و بەدەر لەو بڕە دیاریکراوانەی کە ڕێگەپێدراوە بەپێی یاسا و ڕێنمایيە کارپێکراوەکان بە مەبەستی هاوردەکردن بێت یان هەناردەکردن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٢- بردن و فرۆشتنی هەر بڕێك لە نەوت و لێدەرهێنراوە نەوتییەکان کە تەرخانکراون بۆ پێداویستی فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکان، جا لە بازاڕەکانی ناوخۆدا بێت یان هەناردەی دەرەوە بکرێت.

**دووەم:-** ساختەکردن یان دەستکاریی کردنی مۆڵەت یان بەڵگەنامەی فەرمی، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە (بڕگەی یەکەم/ خاڵی ١، ٢)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراون.

**سێیەم:-** هەر جۆرە ئاسانکارییەك، لە بەکرێدانی عەمبار، کەرەستە و شوێن، دابینکردنی پارە بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە بڕگەکانی (یەکەم ، دووەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراون .

**ماددەی (٣):-**

**یەکەم:-** دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم ئەرکانەیان دەکەوێتە ئەستۆ:-

١- ڕاگرتنی هۆیەکانی گواستنەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەو نەوت و لێدەرهێنراوانەی کە ئامادەکراون بۆ بە قاچاخ بردن لەلایەن تۆمەتبارانەوە.

٢- دەست بەسەرداگرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی بیانی یان هاوردەکراو، کە گۆڕانکاری لە قەبارەی دیزاینکراوی تانکی هەڵگرتنی سوتەمەنیەکانیاندا کراوە، و بە مەبەستی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بەکاردەهێنرێت.

٣- ئامادەکردن و ڕەوانەکردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاکان.

٤- پشکنین و بەسەرداکردنی هەر هۆیەکی گواستنەوە، عەمبار، نووسینگەکان یان هەر شوێنێکی دیکە، لە کاتی بوونی گومانی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراون.

**دووەم:-** بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە دەقنووسکراون، کارمەندی ڕێگەپێدراو مافی بەکارهێنانی هێز و ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە بۆ مەبەستی ڕاوەستاندنی هەر هۆیەکی گواستنەوە یان کەسێك لەکاتی سەرپێچیکردن لە فەرمان.

**ماددەی (٤):-**

**یەکەم:-** کەسی تۆمەتبار، چ ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە بێت، یان شوفێری هۆیەکانی گواستنەوە یان ئەوانەی لە تاوانەکەدا بەشدارن، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن هەواڵەی دادگای ئەو سنورە دەکرێت کە نەوت و لێدەرهێنراوە نەوتییەکانی تێدا بە قاچاخ براوە.

**دووەم:-** تۆمەتباری دەستگیرکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادبینی، بە دەستەبەریی ئازاد ناکرێت، تا دەرچوونی حوکمی یەکلاکەرەوە لەلایەن دادگای تایبەتمەند.

**سێیەم:-**دادگا خەسڵەتی بەپەلە دەدات بەو داوایانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاڕاستەی دەکرێن

**ماددەی (٥):-**

**یەکەم:-** هەر کەسێك یەکێك لەو کردەوانە ئەنجامبدات کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بە زیندانیکردن کە لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت، و پێبژاردنێك کە (٤) چوار هێندەی بەهای کەرەستە بە قاچاخ براوەکە بێت، سزا دەدرێت.

**دووەم:-** لە بارودۆخی جەنگ و باری تەنگەتاوی و ڕوودانی قەیرانی سووتەمەنیدا، ئەنجامدانی هەر یەك لەو تاوانانەی لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە دەقنوسکراوە، بە باری توندکراو هەژماردەکرێت.

**سێیەم:-** حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەر هۆیەکی گواستنەوە کە تاوانی بەقاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی پێ ئەنجام بدرێت، جێبەجێ دەکرێت، جا چ تۆمەتبار خۆی خاوەنی بێت یان بە کرێی گرتبێت.

**ماددەی (٦):-**

**یەکەم:-** هۆیەکانی گواستنەوە و کەرەستە بارکراوەکان، ئەگەر ئەو کردەوانەی پێ ئەنجام درابێت کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون، هەر کات لە ناو خاکی هەرێم بگیرێن، دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

**دووەم:-** هەر هۆیەکی گواستنەوە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت، دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕی دادگا، لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی (یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مۆڵکەکانی دەوڵەت)ی بەرکار لە هەرێم، بە بارەکەیەوە دەفرۆشرێت.

**سێیەم:-** هەواڵدەر و ئەو کەس و لایەنانەی هاوکاربوون لە ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی بەکارهێنراو لە تاوانی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی، لە دوای فرۆشتنی هۆیەکانی گواستنەوەکە بە ڕێژەی (٢٥%)ی کۆی بڕی نرخی فرۆشراوەکە پاداشت دەکرێن بەمەرجێك لە هیچ حاڵەتێکدا لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت.

**چوارەم:-** ئەو بڕە پارەیەی دوای جێبەجێکردنی برگەکانی (دووەم) و (سێیەم)ی ئەم ماددەیە دەمێنێتەوە، دەکرێتە داهات بۆ گەنجینەی گشتی هەرێم و دەبێتە داهاتی کۆتایی.

**ماددەی (٧):-**

دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ بەبێ تاوانی تۆمەتبار، ئەوا:-

**یەکەم:-** هەر هۆیەکی گواستنەوە کە دەستی بەسەردا گیراوە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە.

**دووەم:-** کەرەستە بارکراوەکە یان بەهاکەی بەهەمان نرخی فرۆشراو لە ڕێکەوتی دەست بەسەرداگرتنی، دەدرێتەوە خاوەنەکەی.

**سێیەم:-** مافی قەرەبووکردنەوەی پارێزراوە بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٨):-**

هەر کەسێك دامەزراوە نەوتییەکان، باڵەخانەکان، چاڵە نەوتییەکان، بۆری گواستنەوە، کۆگا و وێستگەکانی عەمبارکردن، لە ڕێگەی تەقاندنەوە و کونکردن یان هەر کارێکی دیکە کە مەبەست لێی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بێت، تێکبدات، بەپێی حوکمەکانی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦) سزا دەدرێت.

**ماددەی (٩):-**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە سروشتی و مەعنەویانەش دەگرێتەوە کە کردارەکانی هەناردەکردن و هاوردەکردنی نادروست ئەنجام دەدەن، و ئەوانەشی دەستکاری بڕیار و بەڵگەنامەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردن دەکەن بە زیاد و کەمکردن، و ئەوانەشی ئاسانکارییان بۆ دەکەن یان بەشدارن.

**ماددەی (١٠):-**

ڕێگە بە هیچ هۆیەکی گواستنەوە نادرێت، کە نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بار بکات، تەنها بە ڕێپێدانی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بەپێی ئەو بڕ و نموونە و پێوەرانە نەبێت کە وەزارەت ئامادەیان دەکات.

**ماددەی (١١):-**

وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرەکانی ناوخۆ و دارایی و ئابوری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٢):-**

پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٣):-**

کار بە هیچ دەقێکی یاسا یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (١٤):-**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەبەر ئەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لەو تاوانانەیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، و لە پێناو ڕێگەگرتن لە کار و کردەوەکانی بە قاچاخ بردن و بە تاڵان بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی، و بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە و پاراستنی سامانی نەوت و سەپاندنی سزایەك کە گونجاو بێت لەگەڵ مەترسیداری ئەم تاوانە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٠/٦/٢٩**

**بڕیاری**
**ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**یەکەم:** بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، بۆماوەی (٣٠) سی ڕۆژ، دەتوانن پێشنیازە یاسا و بڕیار پێشکەش بکەن.

**دووەم:** حوکمی خاڵی (یەکەم)ی ئەم بڕیارە، تەنها بۆ وەرزی گرێدانی یەکەم (خولی بەهارە) لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن و تەنها بۆ یەك جار، جێبەجێدەکرێت.

**سێیەم:** کار بە هیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچواندنییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای وەرزی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی پێنجەم، بەهۆی پەتای جیهانی کۆرۆناوە دەوامی ئاسایی نەکردووە، بۆ ئەوەی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمان دەرفەتی یەکسان و گونجاویان لە کاری پەرلەمانی بۆ برەخسێت بۆ پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان، لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارە پەسەندکرا.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٦**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٠/٦/٢٩**

## بڕیاری
## ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٠

پشت بە حوکمی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٩ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە لە ٢٠٢٠/٦/٣٠ کۆتایی پێدێت، درێژدەکرێتەوە تا ٢٠٢٠/٧/٣١.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠٢٠/٧/١) جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**
**ژمارە: ٤٦٧ لە ٢٠٢٠/١/٢٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٦)برگە (٢)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ساڵی ٢٠١٠، وە لەپێناو ڕێکخستن و رایی کردنی کارەکانی هاووڵاتیانی سوود مەند لە بەشە چیمەنتۆی کە وەک پێداویستی وەریدەگرن بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانیان لە ڕووی بیناسازی و نۆژەنکردنەوە و بەرەو پێش بردنی گەشەی بازرگانی و ئابووری و بەڕێوەبردنی لە بار بۆ چالاکیە بازرگانیەکان و وەبەرهێنانە پیشەسازییەکان ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**رێنمایی پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

١- هەر هاووڵاتیەک کە مامەڵەی چیمەنتۆ پێشکەش دەکات پێویستە ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت :-
**أ-** وێنەیەک لە ناسنامەی باری شارستانی ( هوية الاحوال المدنية) یان وێنەیەک لە کارتی نیشتیمانی.
**ب-**مۆڵەتی بینا (إجازة البناء) پەسەند کراو (مصدق) لە شارەوانی ، یان پشتگیری شارەوانی پەسەند کراو.
**ت-**نەخشەی بینا پەسەندکراوی شارەوانی.
**ث-**قەوالەی تاپۆ ( صورة قيد) لە بەرواری دەرچوونیەوە یان پەسەندکردنیەوە بۆ یەک ساڵ کاری پێ دەکرێت یان تصديق بکرێتەوە
**ج-** جێگیر کردنی سنوور (تثبيت حدود).
٢- هەر هاووڵاتیەک بۆی هەیە تەنها یەک جار سوودمەند بێت لە وەرگرتنی چیمەنتۆ کە بڕەکەی لە (٣٠) تەن زیاتر نەبێت بۆ ناو شار ، وە (٢٠) تەن بۆ دەرەوەی شارەکان.
٣- مۆلەتی بینا تەنها بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری پێدەکرێت .
٤- بڕی چیمەنتۆ بۆ هەر مەتر دووجایەک لە بینا (٢٠٠) کغم هەژمار بکرێت ، بەڵام لەو بڕەی کە لە خاڵی (٢) هاتووە زیاد نەبێت.
٥- لیژنەی تایبەت بە کەشف بڕی چیمەنتۆ بەپێی پێویست دیاری دەکرێت.
٦- نرخی چیمەنتۆی هاووڵاتیان بە (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار هەژمار بکرێت ، بەڵام کۆمپانیا و شوێنە بازرگانیەکان بە (٥٥٠٠٠) پەنجا و پێنج هەزار دینار بۆیان هەژمار بکرێت.

٧- هەر هاوولاتیەک قەواڵەی خانووی بەناوەوە بێت و دوو دەستە خانوو لەسەر زەویەکەی دروست بکات ، هەردوو دەستەکەی بۆ هەژمار بکرێت ، بە مەرجێک لە (٥٠) پەنجا تەن زیاتر نەبێت.
٨- هەر کات قەواڵەی خانوو بەناوی دوو کەس یان زیاتر بێت ، پێویستە پێناسی هەردووکیان بێنێت وەهەردووکیان بە سوودمەند هەژمار بکرێت.
٩- ئەگەر مولکێک دابەش کرابوو بۆ موشتەمەل یان زیاتر ، ئەوا پێویستە هەر یەک بە جیا مامەڵە پێشکەش بکەن.
١٠- هەر خانوویەک ڕوخێنرابێت ، پێویستە ( صوره القید)ی بێنێت.
١١- هەر داواکاریەک لە لایەن میراتگرەوە پێشکەش بکرێت ، پێویستە قسام شرعی یان (بیان وفاة) بێنێت.
١٢- هەر هاوولاتیەک لەسەر ئەرکی خۆی پرۆژەیەکی خێرخوازی ( قوتابخانە ، مزگەوت یان بینای تەندروستی ...هتد) دروست بکات دوای هێنانی بەڵگەی سەلمێنراو ، پێویستە لە لایەن لیژنەی تریشەوە خەملاندنی بۆ بکرێت وە بڕەکەشی لە (١٥٠) سەد و پەنجا تەن زیاتر نەبێت وە بە نرخی هاوولاتیان بۆیان هەژمار بکرێت دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار.
١٣- بۆ نۆژەن کردنەوەی خانوو پێویستە پشتگیری شارەوانی هەبێت لەگەڵ هێنانی پێویستیەکانی کە لە خاڵی (١) دیاری کراوە بە مەرجێک بڕەکەی لە (١٥) پازدە تەن زیاتر نەبێت.
١٤- لەبەر بەرژەوەندی هاوولاتیان و دوانەکەوتنی ئیش و کارەکانیان لیژنەی کەشف رێگەیان پێ بدرێت لە کاتی پێویستدا سوود لە ئۆتۆمۆبیلی هاوولاتیان ببینن.
١٥- هەر مامەڵەیەکی ساڵی (٢٠١٩) کارە یاسایەکانی بۆ کرابێت لە بەرێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆ (سلێمانی) یان لە هۆبەی چیمەنتۆ لە بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی (هەولێر و دهۆک) بەلام پارەی بانکی نەدابێت و چیمەنتۆکەی بار نەکردبێت ، پێویستە بەپێی رێنمایی (٢٠٢٠) سەر لە نوێ کاری بۆ بکرێت.
١٦- هەر پسولەیەکی بڕین لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا نەگەرێندرایەوە ئەوا بۆی نوێ دەکرێتەوە بەمەرجێ لە مانگێک تێپەر نەکات.
١٧- ئاسانکاری بکرێت بۆ زوو ڕاپەراندنی کارەکانی کەشف و دابین کردنی چیمەنتۆ بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بە پلە یەک وە بۆ ئەو هاوولاتیانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن بەمەرجێک قەواڵەی تاپۆی زەویەکە لەگەڵ مۆڵەتی خانووەکە بە ناوی خۆیان یان هاوسەریان بێت ، وە ناسنامەی کەم ئەندامیان هاوپێچ کرابێت ، وە هەمان مەرجەکانی خاڵی (١) دەیانکرێتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ.

١٨- سەبارەت بە پارێزگای هەولێر ئەو هاووڵاتیانەی کە گەرەکەکانیان کۆنن وە لەشوێنی خۆیان نەماون وە گواستراونەتەوە بۆ شوێنی تر ئەوانەی کارتی زەویان هەیە بە مەرجێک کارتی زەویەکە و ڕێپێدانی شارەوانی بە ناوی هەمان هاووڵاتی بێت پێدانی چیمەنتۆ بیانگرێتەوە هەر وەکو هاووڵاتیانی تری پارێزگای هەولێر کە قەواڵەی تاپۆیان هەیە ، وە هەمان مەرجەکانی خاڵی (١) دەیانگرێتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ.

١٩- دابەشکردنی چیمەنتۆ بە ڕێگای هەڵاوێرد ( استثناء) لە دەسەڵاتی ب.گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بێت.

٢٠- لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بە ڕێنماییە کۆنەکان ناکرێت .

٢١- ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی دەرچوونی ، و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچوونی ڕێنمایی**

چیمەنتۆ یەکێکە لەکالا تایبەتەکانی کە لە ڕۆژانە بەکاردەهێندری لەلایەن هاوونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بەرێژەیەکی بەرچاو پێویستە بەوردی چاودێری ئالوگۆرکردنی بکرێ ورێکخستنەوەی نرخی بۆ دابندرێ ، بۆئەم مەبەستانەی سەرەوە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد .

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٤٦٦ لە ٢٠٢٠/١/٢٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٦)برگە (٢)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ساڵی ٢٠١٠، وە لەپێناو رێکخستن و رایی کردنی کارەکانی هاووڵاتیانی سوود مەند لە رێکخستنی کۆگاکردنی خۆراک و کەل وپەڵ تاوەکو لەرووی کوالیتی تەندروستی و بازرگانی وە لە رووی جۆری پارێزراو بن، وە بۆ بەرەو پێش بردنی گەشەی بازرگانی و ئابووری و بەرێوەبردنی لە بار بۆ چالاکیە بازرگانیەکان و وەبەرهێنانە پیشەسازییەکان،برپارماندا بەدەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

## رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠

## تایبەت بە رێکخستنی کۆگاکردنی خۆراک و کەل وپەڵ

**ماددەی (١) :**

لایەنی دەسەڵاتدار بەجێبەجێ کردنی ئەم رێنماییە کە تایبەتە بە رێکخستنی کۆگا کردنی خۆراك و کەل وپەڵ وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی/بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/بەرێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێم.

**ماددەی(٢):** مەبەست لە رێکخستنی کۆگاکردنی خۆراك و کەل وپەل لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە: -

**١-**کۆنترۆڵکردنی کۆگا کردنی کاڵاکان (خۆراك و خواردەمەنی و شیرەمەنی ...هتد ) .

**٢-** رێگەگرتن لە دەستکاری کردنی ماوە بەسەرچوونی کاڵاکان.

**٣-**ژمارەی کۆگاکان کەمترە بەراورد بە ژمارەی بازاڕگاو فرۆشگاکان بۆیە کۆنترۆڵ کردنی کۆگای کۆمپانیا و کارگەکان ئاسانترە لە کۆنترۆل کردنی کاڵاکان لە فرۆشگا و سوپەرمارکێت و بازاڕەکان.

**٤-** کۆنترۆڵ کردنی کۆگا کردنی کاڵا بە شێوەی نادروست ( سؤ التخزین )

**ماددەی (٣) : مەرجە گشتیەکان**

**١-** هەڵواسینی تابلۆ بۆ گشت کۆگاکان کەزانیاری تەواوی وەك (ناوی کۆمپانیا ، جۆری پیشەکەی ، ناوی خاوەن کۆمپانیا ، ژمارەی مۆبایل ...هتد) تیایدا دیاری کرابێت.

**٢-** دانانی کامێرای چاودێری و رۆناك کەرەوە (بلاجکتۆر) ی پێویست .

**٣-** دانانی هەواکێشی گەورە (ساحیبە) بەپێی پێویست لەسەر بنەمای جۆری کاڵا.

**٤-** دانانی گەرمی پێو (محرار) لەناو کۆگاکان بەشێوەیەکی ئاشکرا لە چەند شوێنکی دیاری کراو.

**٥-** بوونی پەنجەرە بۆ هەوا گۆڕین وە پەنجەرەکان تەلبەند کرابن بۆ رێگا گرتن لە هاتنە ناوەوەی زیندەوەر و باڵندە .

**٦-** دانانی ئاگر کوژێنەوە (حریق) لە چەندین شوێنی دیاری کراو بەتایبەتی تۆپی حەریق و بوتڵی گەورە وە هەروەها دانانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی دوکەڵ (انذار مبکر) لە ژێر سەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی (الدفاع المدنی ) بەپێی جۆری کاڵای کۆگا کراو.

**٧-** هەر کۆگایەك پێویستە دەرگای گەورەی هەبێت بۆ هاتنە ژوورەوە و چونە دەرەوەی بارهەڵگرەکان.

٨- هەر کۆگایەك ژووری کارگێڕی و  ژووری پاسەوانی هەبێت .

٩- نابێت کۆگا لە ئاستی شەقام نزمتربێت بۆ ڕێگریکردن لە چوونە ژوورەوەی ئاوی باران.

١٠- کارەبای کۆگاکان بەشێوەیەکی ئەندازیاری ڕێکبخرێت وە مۆلیدەیەکی بەتوانای هەبێت تاکو پێویستی کۆگا پڕ بکاتەوە .

١١-هەر کۆگایەك ژووری تایبەتی هەبێت بۆ هەڵگرتنی ماددەی لەناوبردنی قرتێنەرەکان یان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەتمەند گرێبەست بکات بۆ لە ناوبردنی قرتێنەرەکان بە بەردەوامی .

١٢ -گشت کاڵاکان لەسەر پالێت دابندرێت.

١٣- دانانی فێنککەرەوە بۆ ئەو خۆراکانەی کەپێویستە لەسەرووی پلەی (٢٠ی سیلیزی ) هەڵبگیرێت .

١٤- بەهیچ شێوەیەك نابێت مەوادی کیمیاوی  و خۆراك لەیەك شوێن کۆگا بکرێت.

١٥- نابێت هیچ خواردن وخوادنەوەیەك لە شوێنی گەرم یان لەبەر خۆر دابندرێت وەك ( ئاو ، شەربەت ، دۆ.....هتد) .

١٦- کۆگا کردنی مەوادی خۆراکی دەبێت بەپێی تایبەتمەندی و شێوازی دەستەکردن ئەنجام بدرێت بەپێی ڕێنماییەکان یان ستانداردەکانی جیهانی.

١٧- هەرکۆگایەك پێویستە دەفتەری تایبەت بەسەردانی لایەنی پەیوەندیدارەکانی هەبێت (ب.چاودێری بازرگانی ،چاودێری تەندروستی ،ئاسایش ...هتد)بەمەبەستی تۆمار کردنی تێبینیەکانیان وە هەر دەفتەرێك پێویستە بەمۆری ئەو لایەنە مۆر کرابێت .

١٨- ئەو کۆگایەی کە کاڵای ئامادە کراوی هەیە  بۆ گەڕاندنەوەی (إرجاع) بۆ کۆمپانیای پەیوەندیدار پێویستە کاڵاکان لە شوێنێکی جیاواز و دوور لە کاڵاکانی تر دابندرێت وە مەبەست  لە دانانی بنوسرێ وە ئاماژە بە جۆرو  هۆی جیاکردنەوەی بە ئاشکرا بنوسرێ .

١٩- هەر کاڵایەك کە ماوەی بە سەر نەچووبێت بەڵام بە شێوەیەکی نادروست هەڵگیرابێت (سوء الخزن) و مەترسی ئەوەی هەبێت کە تێکچووبێت واتە پێکهاتەکانی خەراپ بوو بێت ، دەستی بەسەردا دەگیرێت وە نموونەی لێ وەردەگیرێت بۆ پشکنین وە خاوەن کۆگا پێویستە دەستکاری ئەوکاڵایانە نەکات تاوەرگرتنی ئەنجامی پشکنین واتە نابێت لێی بفرۆشێت یان بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر بە پێچەوانەوە کاردانەوەی یاسایی لەگەڵ ئەنجام دەدرێت .

٢٠- ئەوکرێکارانەی کە لە کۆگاکان کار دەکەن پێویستە کارتی کارکردن (کارت عمل) وەکارتی تەندروستی نوێکراوەیان هەبێت وەکرێکارە بیانیەکان پێویستە کارتی نیشتەجێبوونیان هەبێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەردەچێت .

٢١- ئەو کۆگایانەی کەتازە دروست دەکرێن پێویستە کەرەستەی  (عازل) بەکار بهێنن لە دروست کردنیدا بەتایبەتی ئەو کۆگایانەی کە بۆ (خۆراك و خواردەمەنی و شیرەمەنی و. هتد) بەکاردێت

**٢٢-** ئەو کۆگایانەی کە مەوادی فەل دەکەنە ناو فەردە (تکییس) یان نایلۆنی چاپکراو ( لۆگۆ و یان هەرنووسینێکی تر )ی لەسەر بێت پێویستە مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت بە پێچەوانەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت وەخاوەنەکەی ڕوو بەڕووی کاردانەوەی یاسایی دەبێت.

**٢٣-** هەرکۆگایەك پسولەی ئاگادار کردنەوەیان بۆ کرا پێویستە لەوادەی دیاری کراو سەرپێچیەکە لابدات و سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات .

**٢٤-** پێویستە بنمیچی (سەقف) ی کۆگا لە سەندویچ پەناڵ دروست کرابێت بۆ پارێزگاری کردن لە گەرماو سەرما.

**٢٥-** لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردنی مەوادی خۆراکی، کیمیاوی و هەرجۆرە کاڵایەك کە پێویستی بە کۆگای تایبەت هەیە لەلایەن کۆمپانیا بازرگانیەکان پێویستە لەلایەن لێژنەی کەشفی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و چاودێری بازرگانی پارێزگاکان کەشفی کۆگای بۆ بکرێت و بەکۆنووس ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکرێت .

**٢٦-**قەدەغەکردنی کۆگاکردنی کاڵا لە شوێنی نیشتەجێبوون و ناوماڵان و شوێنی تێکەڵاو (مختلط) بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی نارەزایی هاوڵاتیان لە ئەنجامی گرد بوونەوەی بار هەڵگرەکان وە نابێ کۆگا لە شوێنی شاراوە بێ کە گومانی ئەنجامدانی کاری ساختەکاری لێ بکرێت.

**٢٧-** لەکاتی گواستنەوەی خواردن و خواردنەوە پێویستە ئۆتۆمبێلەکان بە چادر داپۆشرێن وە ئەو خۆراکانەی کەپێویستە لەخوار پلەی (٢٠ سیلیزی) بن پێویستە بەئۆتۆمبێلی ساردکەرەوە بگوازرێتەوە

**٢٨-** هەر کاڵایەك ڕێکەوتی دروستکردن و بە سەر چوونی لەسەر لەزگە نووسرابێت یان بە ئاسانی بسڕدرێتەوە یان تەنها ڕێکەوتی ئێرانی لەسەربێت لە فرۆشگاکان و کۆگاکان قەدەغەیەو دەستی بەسەردا دەگیرێت وە دەفەوتێندرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی .

**ماددەی(٤):** کار بەهیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ماددەو بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی(٥):** ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لەڕێکەوتی دەرچوونی ،و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچوونی رێنمایی**

کۆگاکانی خۆراك وکەل وپەل بەیەکێک لەم شوێنە هەستیارانە هەژماردەکرێن، کە لەرۆژانە بەکاردەهێندرێ لەلایەن هاوونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بەرێژەیەکی بەرچاو ، پێویستە بەوردی چاودێری بکرێ چ لەرووی بازرگانی چ لەرووی تەندروستی ، بۆیە بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە ئەم رێنماییەمان دەرکرد.

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٤٦٨ لە ٢٠٢٠/١/٢٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٦)برِگە (٢)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ساڵی ٢٠١٠، وە لەپێناو رِێکخستن و رایی کردنی کارەکانی خانمان و پیاوان وە سوودمەند بوونی خاوەنەکانی ئارایشگە لە رِێکخستنی ئارایشگاکان لەرِووی یاسایی و مۆڵەت پێدان بە لەبەر چاوگرتنی کوالیتی تەندروستی و بازرگانی، و بەرەو پێش بردنی گەشەی بازرگانی و ئابووری و بەدەست هێنانی قووتی رۆژانە بەرجەستەکردنی کار بۆ کرێکارەکان ،برِیارماندا بەدەرکردنی ئەم رِێنماییەی خوارەوە:

## رِێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
## تایبەت بە رِێکخستنی ئارایشگاکان

**ماددەی (١):**

لایەنی دەسەڵاتدار بە جێبەجێکردنی ئەم رِێنماییە کەتایبەتە بەرِێکخستنی ئیش وکاری ئارایشگاکان . وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەرِێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەرِێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرِێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێم.

**ماددەی (٢):** مەبەست لە رِێکخستنی ئیش و کاری ئارایشگاکان لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە : -

١- رِێگە نەدان بە بەکارهێنانی مەوادی ماوە بە سەرچوو لە ئارایشگاکان .

٢- رِێگری کردن لەکارکردنی کەسانی نەخۆش لە ئارایشگاکان .

٣- لەبەر ئەوەی بەشێك لەو کارمەندانە کە لە ئارایشگاکان کار دەکەن بیانین پێویستە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان بناسرێن .

٤- کۆنترۆڵ کردنی نرخی رِازاندنەوە و ئارایشکردن .

**ماددەی (٣): مەرجە گشتیەکان : -**

١- ئەو کارمەندانەی کە لە ئارایشگاکان کار دەکەن پێویستە ناویان لە وەزارەتی کارو باری کۆمەڵایەتی تۆمار بکرێن و کارتی کارکردن و کارتی تەندروستی نوێکراوە بەدەستبهێنن .

٢- سەبارەت بەکارمەندی بیانی پێویستە کارتی نیشتەجێبوونی نوێکراوەی هەبێت .

٣- پێویستە ئارایشگاکان :-

أ- مۆلەتی پیشەیی بەدەست بهێنێت لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی .

ب- مۆڵەتی تەندروستی بەدەست بهێنێت لە وەزارەتی تەندروستی .

٤- لە ئارایشگاکان نرخی (رِازاندنەوە و پرچ برِین و مێش و نیگرۆ و مایکرۆ و قژ بۆیاغکردن و... هتد ) لە شوێنێکی ئاشکراو دیار هەڵبواسرێ .

٥- ڕێگـا نادریـت بـە فرۆشـتنی پێداویسـتی و پێکهاتـەکان و مـەوادی ڕازاندنـەوە و جوانکـاری لـە ئارایشگاکان.

٦- مانگانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی یەکەکانی جوانکاری و ئارایش بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ یەکـە ئیدارییـەکان (قایمقامیـەت یـان ناحیـە) نـرخ دیـاری دەکرێـت و بـەدواداچوونی بـۆ دەکرێت.

**ماددەی (٤):** کار بەهیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ماددە و بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(٥):** ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لەڕێکەوتی دەرچوونی، و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کـمال مـسلـم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچوونی رێنمایی**

ئارایشگەکان بە گشتی چ ئارایشـگەی ئافرەتـان یـاخود پیـاوان بێـت رۆژانە لەلایەن هاوونیشـتمانیانی هەرێمـی کوردسـتان بەرێژەیەکـی بەرچـاو بەکاردەهێنـدرێن پێویسـتە لەرووی یاسـایی و تەندروسـتییەوە بەوردی چـاودێری بکرێـت، هەروەهـا بەدواداچـوون و چـاودێریی بەردەوامـی مۆلەتەکانیان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە ئەم رێنماییەمان دەرکرد.

**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ٦٦٢٧ لە ٢٠٢٠/٨/١٢**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)

## ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزارەت (تەوەری یەکەم/بڕگەی سێیەم) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/١٨) ئەنجامدرا، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خوازیارانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردووە، لە چوارچێوەی دەستەبەرکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و دادپەروەری و هەلی یەکسان بۆ پێشکەشکاران، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی خاڵی (٣) لە (تەوەری یەکەم) و ناوەڕۆکی (تەوەری دووەم) و (تەوەری سێیەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم:** مەرجی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ڕەچاو ناکرێت ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم جۆرە خوێندنە بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی تێکرای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار بەکاردەهێنرێت.

**دووەم:** پێوەرەکانی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و سیستمی ڕیزبەندی بەپێی خاڵبەندی لەسەر بنەمای تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**أ.** تێکڕای نمرەی (٥٠)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسەکەی (٥٥) بوو ئەوا (٥) پێنج خال وەردەگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، ئەگەر پێشکەشکارێکی دیکە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسەکەی (٥٨)ی بوو ئەوا (٨) هەشت خاڵ وەردەگرێت، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو پێوەرە پەیڕەو دەکرێت).

**ب.** تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کە لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دراوە، ئەگەر خوازیار لە تاقیکردنەوە هەر نمرەیەکی بەدەستهێنابێت ئەوا بە گوێرەی نمرەی بەدەستهاتوو لە تاقیکردنەوەکە خاڵ وەدەگرێت (بۆ نموونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (٨)ی هەشتی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەدەستهێنابێت، ئەوا (٨) هەشت خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن و چوونە ناو پێشبڕکێ، ئەگەر نمرەی (١٠) دەی لە تاقیکردنەوەکە بەدەستهێنابێت، ئەوا (١٠) دە خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو پێوەرە پەیڕەو دەکرێت).

**تێبینی**/ کۆی هەردوو خاڵەکانی بەدەستهاتووی پێشکەشکار لە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کە لە خاڵی (أ و ب)ی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە کۆدەکرێنەوە و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا ، ئەوا بەپێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن کە گشت کورسیەکان بەپێی پلان بەشێوازی پارالێل بووە.

**سێیەم:** ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، بەڵام بە هۆی نەمانەوەی کورسی وەرنەگیراون، یاخود ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی زانستی دەرنەچوون، بەڵام بە هۆی ڕەچاونەکردنی مەرجی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کە لە (برگەی یەکەم)ی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە، ئەوا دەسەڵات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ زیادکردنی کورسی خوێندن بە مەرجێک زیادکردنی کورسیەکە بە گوێرەی توانای بەشەکان بێت بە مەرجی ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی ڕێنمایی وانەوتنەوە و هەبوونی تاقیگە و پێداویستیە زانسیتەکان و هەروەها مەرجە گشت ئەو کورسیانەی زیاد دەکرێن بە شێوازی پارالێل بێت و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە ڕەزامەندە بە شێوازی پارالێل وەربگیردرێت لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی نامینێت.

**چوارەم:** ئەم ڕێنماییە تەنها بۆ خوازیارانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردبوو و تاقیکردنەوەی توانستی زانستییان ئەنجامدابوو جێبەجێ دەکرێت.

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی سکاڵا و تانەگرتن خوازیاران کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٦٦٢٥ لە ٢٠٢٠/٨/١٢**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)

**ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزارەت (تەوەری یەکەم/بڕگەی سێیەم) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/١٨) ئەنجامدرا، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خوازیارانی خوێندنی باڵا/ماستەر کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردووە، لە چوارچێوەی دەستەبەرکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و دادپەروەری و هەلی یەکسان بۆ پێشکەشکاران، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی (تەوەری شەشەم /تێبینی: خالی أ و ب) و (تەوەری حەوتەم/خاڵی أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ پڕکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکان لە ڕێگەی ئاڵۆگۆڕکردنی کورسیەکان لە (کورسی زانکۆکان) بۆ (کورسی پاراڵێل) یان (کورسی گشتی فەرمانبەران) بۆ (کورسی پاراڵێل) یان ئەگەر (کورسی پاراڵێل) بە بەتاڵی مابێتەوە بە پێی ژمارەی کورسیەکان و پلانی پەسەندکراوی زانکۆکان لە لایەن وەزارەت بە مەرجێک پسپۆریە ووردەکەی پێشکەشکار کە تاقیکردنەوەی تیایدا کردووە هەمان پسپۆری ووردی کورسی بەتاڵەکە بێت ئەمەش تەنها بۆ پێشکەشکارە دەرچووەکان کە گشت پێشکەشکارە دەرچووەکان بە گشت شێوازەکانی پێشکەشکردن دەگوازرێنەوە سەر بازنەی کورسی پاراڵێل بە پێی خاڵبەندی پێشبرکێ دەکەن لەسەر کورسیە بەتاڵەکان و ئەو پێشکەشکارەی کە زۆرترین خاڵی بەپێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی ماستەر بەدەستهێنابێت، ئەوا وەردەگیردرێت بە مەرجێک شێوازی خوێندنەکە بە شێوازی پاراڵێل دەبێت و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە ڕەزامەندە بە شێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی نامینێت..

**دووەم:** ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، بەڵام بە هۆی نەمانەوەی کورسی وەرنەگیراون، ئەوا دەسەڵات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ زیادکردنی کورسی خوێندن تەنها بۆ پێشکەشکارە دەرچووەکان لە هەمان ئەو پسپۆریە ووردەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێیدا ئەنجام داوە، بە مەرجێک ژمارەی زیادکردنی کورسیەکان لە ڕێژەی (٥٠٪)ی پلانی پەسەندکراوی بەشەکە زیاتر نەبێت، هەروەها مەرجە زیادکردنی کورسییەکە بە گوێرەی توانای بەشەکان بێت بە مەرجی ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی ڕێنمایی میچی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوە و هەبوونی تاقیگە و پێداویستیە زانسیتەکان و هەروەها مەرجە گشت ئەو کورسیانەی زیاد دەکرێن بە شێوازی پاراڵێل بێت و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە

دەبێت بۆ خوازیاران و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە رەزامەندە بە شێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی نامینێت.

**سێیەم:** پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەنی زانکۆکان سەبارەت بەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچوون، بەڵام نمرەی (٧،٥) حەوت و نیو بەرەو سەرەوەیان لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەستهێناوە و کورسی بەتاڵ ماوەتەوە لە پسپۆریە ووردەکەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێیدا ئەنجام داوە، بە هۆی ئەوەی خوازیاران دەرنەچوونە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و هەروەها دوای جێبەجێکردنی (بڕگەی یەکەم)ی سەرەوە بە ئاڵوگۆکردنی کورسییە بەتاڵەکان، کورسیەکان پڕ نابنەوە و هەر بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، ئەوا لێرەدا سەرجەم کورسیە بەتاڵەکان دەکرێن بە کورسی پاراڵێل و گشت پێشکەشکارە دەرنەچووەکان بە گشت شێوازەکانی پێشکەشکردن دەگوازرێنەوە سەر بازنەی کورسی پاراڵێل بە پێی خاڵبەندی پێشبرکێ دەکەن لەسەر کورسیە بەتاڵەکان و ئەو پێشکەشکارەی کە زۆرترین خاڵی بەپێی رێنماییەکە بەدەستهێنابێت، ئەوا وەردەگیردرێت بە رەچاوکردن و جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

**أ-** خوازیارە دەرنەچووەکان دووبارە (تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەشێوەی زارەکی - شفهی) لەسەر (١٠) دە نمرە ئەنجام دەدەن کە لە لایەن بەشەکان بۆیان رێکدەخرێت و نمرە بنەرەتیەکەی (واتە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) سی نمرە) بەدەستی هێنابوو، ئەوا نمرەکە بە شێوەی (نسبة تناسب) لەسەر (٢٠) ئەژمار دەکرێت، لێرەدا مەرجە خوازیار لە کۆی هەردوو نمرەکە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بگات بە (١٥) نمرە لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە، ئەوا خوازیاران دەتوانن لە نێوان خۆیان لەسەر کورسیە بەتاڵەکان کە بە هۆی ئەوەی پیشکەشکاران دەرنەچووبوون لە تاقیکردنەوە و بۆیە کورسیەکان بە بەتاڵی مابوونەوە، پێشبرکێ بکەن بەپێی پێوەری خاڵبەندی کە لە ناوەڕۆکی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر هاتووە.

**ب-** تاقیکردنەوە زارەکیەکە، بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەبێت و ڕەچاوی کوالێتی زانستی خوێندن دەکرێت.

**ت-** تاقیکردنەوە زارەکیەکە ئەنجام دەدرێت لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی پێشووتر لە لایەن بەشەوە داواکرابوون بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەشێوەی نووسین.

**ث-** تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەی زارەکی (شفهی) کە لە (تەوەری سێیەم/ خاڵی-أ)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە ئەنجام دەدرێت لە رێگەی لیژنەیەکی زانستی تایبەت لە (٣) سێ ئەندام پێک دێت کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و بە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر بن بە مەرجێک (١) یەک ئەندام لە ناوەوەی زانکۆ بێت و (٢) دوو ئەندامەکەی دیکە لە دەرەوەی زانکۆکە بێت.

ج- پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەی زارەکی بە شێوازی دەنگ یان ڤیدیۆ تاقیکردنەوەکە تۆمار بکرێت و لە لیژنەی تاقیکردنەوەکان هەڵبگیرێت بۆ هەر حاڵەتێکی پێویست.

ح- کورسیەکان بە شێوەی (پاراڵێڵ) دەبێت، بۆیە دووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوە زارەکیەکە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە رەزامەندە بە شێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت.

خ- بە هیچ شێوەیەک کورسی خوێندن زیاد ناکرێت بۆ پێشکەشکارە دەرنەچووەکان، بەڵکو تەنها لەسەر کورسیە بەتاڵەکان بە پێی پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە پێشبرکێ دەکەن بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی کورسیەکە ئەمەش دوای جێبەجێکردنی خاڵی (أ)ی سەرەوە.

**چوارەم:** پێشکەشکارانی کەس و کاری پلە (١) یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان کە بە پێی ناوەڕۆکی فەرمانی وەزاری ژمارە (٩١٤) لە (٢٠٢٠/١/١٥) پێشکەشیان کردبوو ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچووبوون، هەروەها پێشکەشکارانی نابینا بە رێژەی (١٠٠٪) ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچووبوون، هەروەها پێشکەشکارانی مامۆستا و فەرمانبەرانی میلاکی هەمیشەیی (زانکۆی کەرکوک و پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک) کە بە پێی ناوەڕۆکی گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٩١/٩) لە (٢٠٢٠/١/١٦) پێشکەشیان کردبوو، ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچووبوون، بەڵام نمرەی (٧٫٥) حەوت و نیو بەرەو سەرەوەیان لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەستهێنابوو، ئەوا ناوبراوان دەتوانن دووبارە (تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەشێوەی زارەکی - شفهی) لەسەر (١٠) دە نمرە ئەنجام بدەن و هەمان میکانیزمی خاڵەکانی (أ، ب، ج، د)ی هاتوو لە (بڕگەی سێیەم)ی ئاماژەپێکراو لەم رێنماییەی سەرەوە پەیڕەو بکرێت و بە هەمان ناوەڕۆکی فەرمانی وەزاری ژمارە (٩١٤) لە (٢٠٢٠/١/١٥) تایبەت بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٩١/٩) لە (٢٠٢٠/١/١٦) تایبەت بە پێشکەشکارانی مامۆستا و فەرمانبەرانی میلاکی هەمیشەیی (زانکۆی کەرکوک و پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک) و هەروەها بریاری ئەنجومەنی وەزارەت سەبارەت بە نابینایان بە رێژەی (١٠٠٪).

**شەشەم:** ئەم رێنماییە تەنها بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا/ماستەر کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردبوو و تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان ئەنجامداوە جێبەجێ دەکرێت.

**حەوتەم:** ئەم رێنماییە لە دوای راگەیاندنی ئەنجامی سکاڵا و تانەگرتن خوازیاران بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ بەپێی ریزبەندی برگەکانی ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٦٦٢٦ لە ٢٠٢٠/٨/١٢**

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
## ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/ دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزارەت (تەوەری یەکەم/برگەی سێیەم) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/١٨) ئەنجامدرا، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خوازیارانی خوێندنی باڵا/دکتۆرا کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردووە، لە چوارچێوەی دەستەبەرکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و دادپەروەری و هەلی یەکسان بۆ پێشکەشکاران، بڕیاردرا بە:-
هەموارکردنەوەی(تەوەری شەشەم /تێبینی: خالی أ،ب) و (تەوەری حەوتەم/خاڵی أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ پڕکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکان لە ڕێگەی ئاڵۆگۆڕکردنی کورسیەکان لە (کورسی زانکۆکان) بۆ (کورسی پارالێل) یان (کورسی گشتی فەرمانبەران) بۆ (کورسی پارالێل) یان ئەگەر (کورسی پارالێل) بە بەتاڵی مابێتەوە بەپێی ژمارەی کورسیەکان و پلانی پەسەندکراوی زانکۆکان لە لایەن وەزارەت بە مەرجێک پسپۆریە ووردەکەی پێشکەشکار کە تاقیکردنەوەی تیایدا کردووە هەمان پسپۆری ووردی کورسی بەتاڵەکە بێت ئەمەش تەنها بۆ پێشکەشکارە دەرچووەکان کە گشت پێشکەشکارە دەرچووەکان بە گشت شێوازەکانی پێشکەشکردن دەگوازرێنەوە سەر بازنەی کورسی پارالێل بە پێی خاڵبەندی پێشبرکێ دەکەن لەسەر کورسیە بەتاڵەکان و ئەو پێشکەشکارەی کە زۆرترین خاڵی بەپێی ناوەرۆکی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا بەدەستهێنابێت، ئەوا وەردەگیردرێت بەمەرجێک شێوازی خوێندنەکە بە شێوازی پارالێل دەبێت و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە ڕەزامەندە بە شێوازی پارالێل وەربگیردرێت لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی نامینێت.

**دووەم:** ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، بەڵام بە هۆی نەمانەوەی کورسی وەرنەگیراون، ئەوا دەسەڵات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ زیادکردنی کورسی خوێندن تەنها بۆ پێشکەشکارە دەرچووەکان لە هەمان ئەو پسپۆریە ووردەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێیدا ئەنجام داوە، بە مەرجێک ژمارەی زیادکردنی کورسیەکان لە رێژەی (٥٠٪)ی پلانی پەسەندکراوی بەشەکە زیاتر نەبێت، هەروەها مەرجە زیادکردنی کورسیەکە بە گوێرەی توانای بەشەکان بێت بە مەرجی ئامادەکردنی پرۆپۆزەل لەلایەن سەرپەرشتیاران و رەچاوکردن و پەیڕەوکردنی رێنمایی میچی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوە و هەبوونی تاقیگە و پێداویستیە زانسیتەکان بێت، هەروەها مەرجە گشت ئەو کورسیانەی زیاد دەکرێن بە شێوازی پاراڵێل و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە رەزامەندە بە شێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی نامینێت.

**سێیەم:** پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەنی زانکۆکان سەبارەت بەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچوون، بەڵام نمرەی (٧،٥) حەوت و نیو بەرەو سەرەوەیان لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەستهێناوە و کورسی بەتاڵ ماوەتەوە لە پسپۆریە ووردەکەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێیدا ئەنجام داوە، بە هۆی ئەوەی خوازیاران دەرنەچوونە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و هەروەها دوای جێبەجێکردنی (بڕگەی یەکەم)ی سەرەوە بە ئاڵۆگۆڕکردنی کورسییە بەتاڵەکان، کورسیەکان پڕ نابنەوە و هەر بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، ئەوا لێرەدا سەرجەم کورسیە بەتاڵەکان دەکرێن بە کورسی پاراڵێل و گشت پێشکەشکارە دەرنەچووەکان بە گشت شێوازەکانی پێشکەشکردن دەگوازرێنەوە سەر بازنەی کورسی پاراڵێل بەپێی خاڵبەندی پێشبرکێ دەکەن لەسەر کورسیە بەتاڵەکان و ئەو پێشکەشکارەی کە زۆرترین خاڵی بەپێی رێنماییەکە بەدەستهێنابێت، ئەوا وەردەگیردرێت بە رەچاوکردن و جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

**أ-** خوازیارە دەرنەچووەکان دووبارە (تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەشێوەی زارەکی - شفهی) لەسەر (١٠) دە نمرە ئەنجام دەدەن کە لە لایەن بەشەکان بۆیان رێکدەخرێت و نمرە بنەرەتیەکەی (واتە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) سی نمرە) بەدەستی هێنابوو، ئەوا نمرەکە بەشێوەی (نسبة تناسب) لەسەر (٢٠) ئەژمار دەکرێت، لێرەدا مەرجە خوازیار لەکۆی هەردوو نمرەکە لەتاقیکردنەوەی توانستی زانستی بگات بە(١٥) نمرە لە(٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە،ئەوا خوازیاران دەتوانن لەنێوان خۆیان لەسەر کورسیە بەتاڵەکان کە بە هۆی ئەوەی پیشکەشکاران دەرنەچووبوون لە تاقیکردنەوە و بۆیە کورسیەکان بە بەتاڵی مابوونەوە پێشبرکێ بکەن بەپێی پێوەری خاڵبەندی کە لەناوەڕۆکی رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا هاتووە.

**ب-** تاقیکردنەوە زارەکیەکە، بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەبێت و ڕەچاوی کوالێتی زانستی خوێندن دەکرێت.

**ت-** تاقیکردنەوە زارەکیەکە ئەنجام دەدرێت لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی پێشووتر لە لایەن بەشەوە داواکرابوون بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەشێوەی نووسین.

**ث-** تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەی زارەکی (شفهی) کە لە (تەوەری سێەم/ خاڵی-أ)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی لیژنەیەکی زانستی تایبەت لە (٥) پێنج ئەندام پێک دێت کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و بە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر بن بە مەرجێک (٢) دوو ئەندام لە ناوەوەی زانکۆ بێت و (٣) سێ ئەندامەکەی دیکە لە دەرەوەی زانکۆکە بێت.

**ج-** پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەی زارەکی بە شێوازی دەنگ یان ڤیدیۆ تاقیکردنەوەکە تۆمار بکرێت و لە لیژنەی تاقیکردنەوەکان هەڵبگیرێت بۆ هەر حاڵەتێکی پێویست.

**ح-** کورسیەکان بەشێوەی (پاراڵێل)دەبێت، بۆیە دووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوە زارەکیەکە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لەزانکۆ پێشکەش بکات کە ڕەزامەندە بەشێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت.

**خ-** بە هیچ شێوەیەک کورسی خوێندن زیاد ناکرێت بۆ پێشکەشکارە دەرنەچووەکان، بەڵکو تەنها لەسەر کورسیە بەتاڵەکان بە پێی پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە پێشبرکێ دەکەن بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی کورسیەکە ئەمەش دوای جێبەجێکردنی خاڵی (أ)ی سەرەوە.

**چوارەم:** پێشکەشکارانی کەس و کاری پلە (١) یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان کە بە پێی ناوەڕۆکی فەرمانی وەزاری ژمارە (٩١٤) لە (٢٠٢٠/١/١٥) پێشکەشیان کردبوو ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچووبوون، هەروەها پێشکەشکارانی نابینا بە ڕێژەی (١٠٠%) ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچووبوون، هەروەها پێشکەشکارانی مامۆستا و فەرمانبەرانی میلاکی هەمیشەیی (زانکۆی کەرکوک و پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک) کە بە پێی ناوەڕۆکی گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٩١/٩) لە (٢٠٢٠/١/١٦) پێشکەشیان کردبوو، ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرنەچووبوون، بەڵام نمرەی (٧,٥) حەوت و نیو بەرەو سەرەوەیان لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەستهێنابوو، ئەوا ناوبراوان دەتوانن دووبارە (تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەشێوەی زارەکی - شفهی) لەسەر (١٠) دە نمرە ئەنجام بدەن و هەمان میکانیزمی خاڵەکانی (أ، ب، ج، د)ی هاتوو لە (بڕگەی سێیەم)ی ئاماژەپێکراو لەم ڕێنماییەی سەرەوە پەیڕەو بکرێت و بە هەمان ناوەڕۆکی فەرمانی وەزاری ژمارە (٩١٤) لە (٢٠٢٠/١/١٥) تایبەت بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و گشتاندنی وەزارەت

ژمــارە (١٠٩١/٩) لە (٢٠٢٠/١/١٦) تــايبەت بە پێشكەشــكارانی مامۆســتا و فەرمــانبەرانی میلاكــی هەمیشـەیی (زانكۆی كەركوك و پەیمانگەی تەكنیكی كەركوك) و هەروەها بریـاری ئەنجـومەنی وەزارەت سەبارەت بە نابینایان بە ڕێژەی (١٠٠٪).

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە تەنها بۆ خوازیـارانی خوێنـدنی بـاڵا/دكتـۆرا كە بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشكەشیان كردبوو و تاقیكردنەوەی توانستی زانستیان ئەنجامداوە جێبەجێ دەكرێت.

**شەشەم:** ئەم ڕێنمـاییە لە دوای ڕاگەیانـدنی ئەنجـامی سكاڵا و تـانەگرتن خوازیـاران بە شـێوەی قۆنـاغ بەقۆنــاغ بەپێــی ریزبەنــدی بڕگەكــانی ئەم ڕێنمــاییە جێبەجــێ دەكرێــت و لە ڕۆژنــامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٥٥١٠/٤/٩ لە ٢٠٢٠/٩/٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٠
## لێخۆشبوونی قەرز بە ڕێژەی (١٥٪)

پاڵپشـــت بە نووســـراوی ســـەرۆكایەتی ئەنجـــومەنی ژمـــارە (٤٨٠٧) لە ٢٠٢٠/٨/٣٠ وە دوا بەدوای ڕێنمایمان ژمارە (١٦) لە٢٠٢٠/٧/٢١ كە پاڵپشـتە بە بڕیـاری سـەرۆكایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٥٠) لە ٢٠٢٠/٥/٥ بڕیاردرابە:-

١- لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥٪) لەقەرزی پێشینە و (غرامە )ی پێشینەی سندوقی نیشتەجێكردن كە لە ئەسـتۆی هاووڵاتیـانە بە مەرجێـك هەمـوو قەرزە كەڵەكە بووەكـان بە یەك گـوژمە تـا ڕێكەوتـی ٢٠٢٠/١١/١ بگەڕێندرێتەوە

٢- درێژكردنەوەی ماوەی سەرجەم قەرزەكانی هاتوو لە بڕیاری ئاماژە پێكراوی سـەرەوە تـاڕێكەوتی ٢٠٢٠/١١/١ .

٣- لێخۆشـبوون بە ڕێـژەی (١٥٪) لەو پێشـینانەی كە لە ئەسـتۆی هاووڵاتیـان مـاوە لەو مـاوەی كە هاووڵاتی بۆی دیاریی كراوە ئەگەر بە یەک گوژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

٤- ئەم ڕێنماییە بڵاودەكرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە (مـاددەی شەشـەم/ بـڕگەی دووەم ) لە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە:-

**بەیانی(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی ( **هۆبەی نەشتەرگەری سینگ و دڵ ( فتح الصدر** ) لە نە خوشخانە ی ئاشتی سۆران سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٩.

**بەیانی(١٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (**هۆبەی چاودێری چڕ**) لە نەخۆشخانەی ئاشتی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٩.

**بەیانی(١٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی ( **بنکەی تەندروستی گردە سۆر** ) لە سنوری ناحیەی قوشتەپە سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٩.

**بەیانی(٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کـردنەوەی (**بەشـی سـوتاوی** ) لە نەخۆشـخانەی فریـاکەوتن و فێرکـاری هەلەبـجە سـەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٩.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە:-

**بەیانی(٢١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی ( **سەنتەری سالاسیما** ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەلەبجە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٣.

**بەیانی(٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی(**سەنتەری کۆنترۆلکردنی نەخۆشیەگوازراوەکان (کۆڤید١٩)** لە سنوری بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٤.

**بەیانی(٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (**نەخۆشخانەی لالاڤ**) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٣٠.

**بەیانی(٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی ( **نەخۆشخانەی کاڤین** ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٣٠.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

استنادا إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناء على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، صادق برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (٢) بتأريخ ٢٠٢٠/٣/٤، على القانون الآتي:

**القانون رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠**

**قانون مكافحة تهريب النفط والغاز ومشتقاتهما في إقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة إزاء كل منها:

**أولاً/ الإقليم:** إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً/ وزارة الثروات الطبيعية:** وزارة الثروات الطبيعية في الإقليم.

**ثالثاً/ وزارة المالية والاقتصاد:** وزارة المالية والاقتصاد في الإقليم.

**رابعاً/ وسائط النقل:** تشمل جميع وسائط النقل البرية والمائية والجوية التي تستخدم في نقل النفط ومشتقاته أو الإنسان وبضائعه أو للاثنين معا.

**خامساً/ النفط:** أي هيدروكاربونات طبيعية أو خليط هيدروكاربوني طبيعي سواء في الحالة الغازية أو السائلة، ويشمل أيضا ما يسترجع منه إلى المكمن.

**سادساً/ مشتقات النفط:** جميع المشتقات مثل بنزين السيارات (الكازولين)، زيت الغاز، زيوت المحركات والشحوم بجميع أنواعها، الغاز السائل، النفط الأبيض (الكيروسين)، القير، النفط الأسود، النفثا، ويشمل أي منتج بتروكيميائي مصنوع من النفط أو الغاز.

**سابعاً/ الإجازة:** الترخيص الرسمي الممنوح من قبل وزارة الثروات الطبيعية لشخص يمارس تجارة النفط أو استيراد وتصدير المشتقات النفطية.

**المادة (٢):**

**تعد الأفعال الآتية جرائم:**

**أولاً/** تهريب النفط ومشتقاته:

١- بيع ونقل النفط ومشتقاته بطريقة غير قانونية وخارجة عن الكميات المحددة المسموح بها بموجب القانون والتعليمات النافذة سواء كان لغرض الاستيراد أو التصدير إلى خارج إقليم كوردستان.

٢- اختلاس وبيع أي كمية من النفط والمشتقات النفطية المخصصة لاحتياجات الدوائر الحكومية وغير الحكومية، سواء في الأسواق الداخلية أو تصديرها إلى الخارج.

**ثانيـاً/** التزويـر أو التلاعـب بإجـازة أو وثيقـة رسـمية لغـرض ارتكـاب الجـرائم المنصـوص عليهـا فـي (الفقرة أولاً/ البند ١، ٢) من هذه المادة.

**ثالثاً/** أي نوع من التسهيلات بضمنها إيجار المستودعات والمـواد والأمـاكن وتخصـيص النقـود لغـرض ارتكاب الجرائم المنصوص عليها في الفقرتين (أولاً، ثانياً) من هذه المادة.

**المادة (٣):**

**أولاً/** لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون تتولى الأجهزة الأمنية وقوى الداخليـة والمديريـة العامـة للكمـارك المهام الآتية:

١ـ ضبط وسائط النقل ومصادرة النفط ومشتقاته المعدة للتهريب من قبل المتهمين.

٢ـ مصادرة وسائط النقل الأجنبية أو المستوردة التي تم تحوير الحجم المصمم لخزانـات حمـل الوقـود فيها وتستخدم لغرض تهريب النفط ومشتقاته.

٣ـ إعداد وإحالة إضبارات المتهمين إلى المحاكم.

٤ـ تفتيش وتحري أي واسطة نقـل أو مسـتودع أو مكتـب أو أي مكـان آخـر عنـد الاشـتباه فـي ارتكـاب إحدى الجرائم المنصوص عليها في هذا القانون.

**ثانياً:** لأجل منـع ارتكـاب الجـرائم المنصـوص عليهـا فـي المـادة (٢) مـن هـذا القـانون، يحـق للمنتسـب المخـول اسـتخدام القـوة والمواجهـة لغـرض إيقـاف أي واسـطة نقـل أو أي شـخص عنـد مخالفـة الأوامر.

**المادة (٤):**

**أولاً/** لغرض التحقيق والمحاكمـة يحـال الشـخص المـتهم، سـواء كـان فـاعلا رئيسـيا للجريمـة أو سـائقا لواسـطة النقـل أو مسـاهما فـي الجريمـة، إلـى المحكمـة التـي وقـع فـي دائرتهـا تهريـب الـنفط والمشتقات النفطية.

**ثانيـاً/** لا يطلـق سـراح المـتهم الموقـوف بموجـب أحكـام هـذا القـانون بكفالـة فـي مرحلتـي التحقيـق والمحاكمة لحين صدور حكم بات من المحكمة المختصة.

**ثالثاً/** تعطي المحكمة صفة الاستعجال للدعاوى التي توجه إليها بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (٥):**

**أولاً/** يعاقب بالسجن لمـدة لا تقـل عـن (٥) خمـس سـنوات ولا تزيـد علـى (١٠) عشـر سـنوات ، و بغرامـة تعادل (٤) أربعة أضعاف قيمة المادة المهربة، كل مـن ارتكـب أحـد الأفعـال المنصـوص عليهـا فـي المادة (٢) من هذا القانون.

**ثانياً/** يعد ظرفا مشددا ارتكاب أي جريمة منصوص عليها في المادة (٢) مـن هـذا القـانون فـي ظـروف الحرب وحالات الطواريء وحدوث أزمات الوقود.

**ثالثاً/** تنفذ أحكام هذا القانون على أي واسطة نقل ارتكبت بها جريمة تهريب النفط ومشتقاته، سواء كان المتهم مالكا أم مستأجرا لها.

**المادة (٦):**

**أولاً/** تصادر وسائط النقل والمواد المحمولة متى استخدمت في ارتكاب الأفعال المنصوص عليها في المادة (٢) من هذا القانون إذا ضبطت داخل أراضي الإقليم.

**ثانياً/** كل واسطة نقل تصادر بموجب أحكام هذا القانون بعد صدور حكم بات من المحكمة، تباع مع حمولتها من قبل وزارة المالية والاقتصاد بالمزايدة العلنية بموجب أحكام (قانون بيع وإيجار أموال الدولة) النافذ في الإقليم.

**ثالثاً/** بعد بيع واسطة النقل يمنح المخبر والأشخاص والجهات التي ساعدت في كشف وضبط وسائط النقل المستخدمة في جريمة تهريب النفط ومشتقاته، مكافأة بنسبة (٢٥٪) من مجموع ثمن المبيع على أن لا تزيد على (١٥،٠٠٠،٠٠٠) خمسة عشر مليون دينار عراقي في جميع الأحوال.

**رابعاً/** يقيد المبلغ المتبقى بعد تنفيذ الفقرتين (ثانياً) و(ثالثاً) من هذه المادة إيرادا للخزينة العامة للإقليم ويصبح إيرادا نهائيا.

**المادة (٧):**

**بعد صدورحكم بات ببراءة المتهم:**

**أولاً/** تعاد أية واسطة نقل تم ضبطها إلى مالكها.

**ثانياً/** تعاد المواد المحمولة أو قيمتها بالمبلغ الذي بيعت به بتأريخ ضبطها، إلى مالكها.

**ثالثاً/** يحتفظ بحقه في التعويض بموجب القوانين النافذة في إقليم كوردستان.

**المادة (٨):**

يعاقب بموجب أحكام (قانون مكافحة الإرهاب في إقليم كوردستان رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦) كل من يقوم بتخريب المنشآت النفطية، والمباني، والحقول النفطية، وأنابيب النقل، والمستودعات ومحطات الخزن، من خلال التفجير أو التثقيب أو أي فعل آخر لغرض تهريب النفط ومشتقاته.

**المادة (٩):**

تشمل أحكام هذا القانون الأشخاص الطبيعية والمعنوية التي تقوم بعمليات التصدير والاستيراد الوهمية، وتقوم بتحريف قرارات ووثائق الاستيراد والتصدير بالزيادة أو النقصان، وكذلك الأشخاص الذين يقدمون لهم التسهيلات أو المتواطئين معهم.

**المادة (١٠):**

لا يسمح لأية واسطة نقل بحمل النفط ومشتقاته إلا بموجب إجازة رسمية من وزارة الثروات الطبيعية وفقا للكميات والنماذج والمعايير التي تعدها الوزارة.

**المادة (١١):**

يصدر وزير الثروات الطبيعية بالتنسيق مع وزيري الداخلية والمالية والاقتصاد، التعليمات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٢):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٣):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٤):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

لما كان تهريب النفط ومشتقاته من الجرائم التي تؤدي إلى تخريب الأمن الاقتصادي لإقليم كوردستان ـ العراق، ولأجل منع عمليات تهريب ونهب النفط ومشتقاته، ومكافحة هذه الجريمة وحماية الثروة النفطية وفرض عقوبة تتناسب مع خطورة هذه الجريمة، شرع هذا القانون.

يعد القانون صادراً بانقضاء المدة القانونية لإصداره بموجب حكم البند (٢) من الفقرة (أولاً) من المادة (١٠) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل والفقرة (عاشراً) من المادة (١٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٥**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٠/٦/٢٩**

## قرار رقم (٥) لسنة ٢٠٢٠

**أولاً:** استثناءً من حكم المادة (٨٢) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، واعتباراً من تأريخ صدور هذا القرار، والمدة (٣٠) ثلاثين يوماً، يجوز للعدد القانوني لأعضاء البرلمان تقديم مقترحات القوانين والقرارات.

**ثانياً:** ينفذ حكم البند (أولاً) من هذا القرار في فصل الانعقاد الأول (الدورة الربيعية) في السنة الثانية للدورة الأنتخابية الخامسة فقط، ولمرة واحدة فقط.

**ثالثاً:** لا يعمل بأي نص للنظام الداخلي يتعارض وأحكام هذا القرار.

**رابعاً:** ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

## الأسباب الموجبة

نظراً لعدم دوام برلمان كوردستان بصورة اعتيادية في بداية فصل انعقاده الأول للسنة الثانية في الدورة الخامسة، بسبب جائحة كورونا العالمية، وبغية تهيئة فرص متساوية وملائمة للعمل البرلماني لممثلي الشعب في البرلمان لتقديم مقترحات القوانين والقرارات، ومن أجل خدمة المصلحة العامة، تمت المصادقة على هذا القرار.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٦**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٠/٦/٢٩**

## قرار رقم (٦) لسنة ٢٠٢٠

استناداً لحكم الفقرة (رابعاً) من المادة (٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته المرقمة (٥) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٠/٦/٢٩ الآتي:

**أولاً:** تمديد الدورة الربيعية للسنة الثانية للدورة الانتخابية الخامسة لبرلمان كوردستان ـ العراق المنتهية في ٢٠٢٠/٦/٣٠، لغاية ٢٠٢٠/٧/٣١.

**ثانياً:** يعتبر هذا القرار نافذاً من تاريخ ٢٠٢٠/٧/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**